# بیانۆ

گۆڕینی : سەلام شێخ کەریم
وێنە : سەرتیپ فەتاح





شارۆ دوای ئەوەی تێر یاریی بە میکانۆکەی کرد تاقەتی نەبوو کۆیکاتەوە، بیری لەوە کردەوە بیانویەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دایکی بۆی کۆکاتەوە. پاش کەمێك بیرکردنەوە، بەتانییەکی دا بەخۆیداو بەدەنگێکی نزم بە دایکی وت: دایکە: هەست بەئازارێکی زۆر دەکەم لە سکمدا، ناتوانم میکانۆکەم کۆ بکەمەوە! دایکی بەخەمباری سەیرێکی کردو پێی وت: خوانەکات کچەکەم. هەر ئێستا ئەتگەیەنمە نەخۆشخانە، دڵنیابە چاك ئەبیتەوە.



دایکی وای وت و بە پەلە پەل چووە ژوورەکەی ترخۆی بگۆڕێت و جلیش بۆ شارۆ ئامادە بکات، بەڵام کە گەڕایەوە بینی شارۆ هەستاوەتەوە سەرپێ و میکانۆکەش کۆکراوەتەوە. شارۆ کە زانی دایکی بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات، دەستی کرد بە پێکەنین و وتی: بەخوا بە گاڵتەوە خۆم نەخۆش خست، وامزانی میکانۆکەم بۆ کۆنەکەیتەوە ئەمزانی خەفەت ئەخۆیت!